# سیمۆلۆژیای ناونیشان لەشیعری «گۆران» دا

پ.ی.د.عەباس سالح عەبدوڵا
زانکۆی سلێمانی – کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی / بەشی کوردی

## پێشەکی

سیمۆلۆژیا، لە ئەمڕۆدا بایەخێکی زۆری بۆ تێگەیشتن لە کلتور وئەدەب و هونەر هەیە، ئەم زانستە بەرهەمی هەوڵی ئەو بیریارانەیە ،کەهەوڵیانداوە کارلەسەر شیکردنەوەی نیشانەکان بکەن وتایبەت بە لێکۆڵینەوە لە سروشتی هێماکان و یەکێکە لەو میتۆدە رەخنەییانەی دوای بوونیادگەری سەریهەڵداوە، لەبواری زمانەوانیدا کاریکردووەو دواتر تەواوی بوارەکانی تری گرتۆتەوە، بەگشتی لەبواری دەقدا و بەتایبەتی لەبواری دەقی شیعریدا بەوپێیەی خودی شیعر زمانەو هەڵگری کۆد و هێماو نیشانەیە.

سیمۆلۆژیا دەکرێ زۆری لەسەربوترێ چونکە خاوەنی گەلێ ڕهەندی فرەلایەنە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بایەخمان بە رۆڵی ناونیشان داوە لە شیعری «گۆران»ی شاعیر دا، چونکە ئەم بابەتە زۆر بەکەمی باسی لێوەکراوە و شاعیریش لەئەدەبی کوردیدا خاوەنی پێگەیەکی تایبەتیەو دەکرێ لە زۆر رووەوە ئاوڕی لێ بدرێتەوە . باسەکەش تیۆری و پراکتیکیە و لە دووتەوەری سەرەکی و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە. لەتەوەری یەکەمدا لە(چەمکی سیمۆلۆژیا) دواوین ، ولەتەوەری دووهەمیشدا بایەخمان بە(ناونیشان) داوە ، بەتایبەتی سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعری (گۆران) دا.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بابەتی ناونیشان گرنگی خۆی هەیە، چونکە هۆیەکە بۆ تێگەیشتن لەراڤەی دەقەکان ،گۆران کە پێشەنگ و تازەکەرەوەی شیعری کوردیە بەمەبەست بایەخی بەناونیشان داوە، ئێمەش بۆ زیاتر روونکردنوەهی دەقەکان و گەیاندنی بە خوێنەر ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە :

سنووری لێکۆڵینەوەکە تابەت بە هەندێك لە شیعرەکان گۆران، چونکە شاعیر لە قۆناغە دیارەکانی ژیانیدا چەندین بەرهەمەمی ناوازەی پێشکەش بەئەدەبی نەتەوەکەی کردووە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی شیکاری وەسفی و سیمۆلۆژی بەکارهێنراوە .

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

وەك ئاشکرایە هەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بنەمایەکی زانستی بنیاتبنرێ کارێکی ئاسان نییەو ئەم بابەتەش بەکەمی باسی لێکراوەو کەمی سەرچاوەش لە ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لە گیرو گرفتەکان.

## بەشی یەکەم

## چەمکی سیمۆلۆژیا:

« سیمۆلۆژیا لە هەردوو زاراوەی سیمۆتیکا(SEMIDTIQUE) و سیمۆلۆژیا(SEMIOLGIE)وەرگیراوە ، بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی یۆنانی (SEMEIOU) واتەنیشانە«(رەئوف، ٢٠١٦: ١٥)

(ئەفلاتون) وشەی(SEMIDTIQUE) ی بەکارهێناوە بۆ دەلالەتی هونەری ڕازیکردن و جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە« کە شتەکان کرۆکیان جێگیرەو وشەش ئامرازی پەیوەندیە، بەم پێیەش لەنێوان وشە و واتاکەیدا گونجاندنێکی سروشتی لەنێوان دال و مەدلولدا هەیە، هەروەها (ئەرستۆ)ش لەم بوارەدا گرنگی بە تیۆری واتا داوە، بەتایبەتی لەبواری لۆژیکی وێنەییدا کاریکردووە«(رەئوف، ٢٠١٦: ١٦). واتە ئەم بابەتە زۆر کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی ئەفلاتون وئەرستۆ و بەردەوامیش فەیلەسووفەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە ، هەر لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەدەی هەژدەهەم گرنگیەکی زیاتر بەم بوارە دراوەو بواری شیعر و ئەفسانەشی گرتۆتەوە.

« ئەم زاراوەیە بۆ ماوەیەك پەراوێزخرا تاکو (جۆن لۆك)هات لەژێرکاری(SEMIOTIKE) ودەلالەتێکی هاوشێوەی ئەوەی لەفەلسەفەی (ئەفلاتون)دا هاتووە کاری لەسەرکردووە«(توسان ، ١٩٩٤: ٣٧)» سیمۆلۆجیا هەوڵیداوە هەنگاو بنێت بەرەو بایەخدان بە گوتاری فەلسەفی و ئاینی بەوسیفەتەی سیفەتێکی هزرییە و زۆر واتای شاراوەی تێدایە و پێویستە دەستیان بۆ ببرێت و ئاشکرا بکرێت»(قطوس،٢٠١١: ٣٦٣ ). سیمۆلۆجییەکانی ئەدەب بەوە جیادەکرێنەوە، سوورن لەسەر تێگەیشتن لەپەیوەندی ئەدەبی لەئاستی پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان دەق ئەدەبی و کایە ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیەکان بەو بونیادە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەیانەوە « سورن لەسەر تێگەیشتنی پەیوەندی ئەدەبی لەئاستی خودی دەقەئەدەبیەکانیشدا»(رشید، ١٩٨١ : ٤٨- ٤٩).

(سوسێر) لەبارەی بایەخی سیمۆلۆژیاوە ئاماژە بەوەددات کە کارکردنە لەسەر ئاماژەی نیشانەکان لە کۆمەڵگادا و دەڵێت»زمان بریتییەلە کۆگایەك(مستودع)لەنیشانەکان و نیشانەش یەکەیەکی بنچینەییەلە پرۆسەی پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دوولایەنی سەرەکیش لەخۆدەگرێت کە بریتین لە دال و مەدلول» (رەئوف، ٢٠١٦ : ٩).

« نیشانە پەیوەندی بەغیاب و جێنشینەوە هەیە: واتە وشەیەك یان شتێکەو دەبێتە جێگرەوەی دیاردەیەکی تر، دیاردەیەك کەخۆی غایبە و لەجیاتیدا نیشانەیەك حازر و ئامادە دەبێت ، بۆنمونە گوڵی سوور نیشانەی عەشقە، لێرەدا عەشق خۆی دەچێتە دواوە و نیشانەیەك وەك نوێنەرەکەی دەردەکەوێت» (عمر، ٢٠١٤ : ١٢٥) واتە نیشانە دەتوانێت ببێتە جێنیشنی مادی و زەیەنی و خەیاڵی وسروشتی .. هتد.

« سوسێر یەکەم کەس بووکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەشێت زانستێك ببێتە بوون تایبەت بێت بە لێکۆڵینەوە لەژیانی ئاماژە و هێماکانیان لەنێوان کۆمەڵگادا لای ئەویش دەکرێت ئەو زانستەبەشێك بێت لە دەورنناسی گشتی و خۆشی ناوی ناوە سیمۆلۆژیا(semiology) (دی سۆسێر ، ١٩٨٥ : ٣٢-٣٥). سیمۆلۆژیا بەناولێنانە (سوسێر)یەکەوە پەیوەستە ، بەڵام هەرچی ئەمریکیەکانە سیموتیکا بەپێی ئەو بەکارهێنانەی لەلایەن فەیلەسوفی ئەمریکی (چارلس ساندرسن پێرس)هوە بەکاردەهێنرێت. بەپێی بۆچوونەکان ولەڕوانگەی سیمۆلۆجیاوە هەر دەقێکی ئەدەبی بەسروشتی خۆی توانای چەندین ڕاڤەی هەیە و وەرگر دەتوانێت بێ سنوور دەلالەت و واتای لێ هەڵبهێنجێنێ.

« سیمۆلۆژیا بەشێکە لە زانستی زمان، بەپێی سیستمێکی میتۆدی لە ئاماژەکان یاخود لە نیشانەکانی تێکستە ئەدەبیەکان و لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، یان ئەو زانستەیە کە لە تێکستی ئەدەبی و لەژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە و نیشانەکان دیاری دەکات، سیمۆلۆژیا دەیەوێت سیستمێکی میتۆدی بەسەر هەموو ئاماژەکاندا پراکتیك بکات»( ئەسوەد، ٢٠١١: ٨٥).

(سوسێر) وایدەبینێت «هەموو مانایە لەدال و مەدلول پێك دێت چونکە تێکست بریتییە لەبەرووبوومی زمان ؛ زمانیش لەهەموو ئاستەکاندا چنینی مانا ودەلالەت و نیشانە و ئاماژەکان پێك دەهێنێ«(ئەسوەد، ٢٠١١: ٢١٠).

واتا «سیمۆلۆژیا لە ڕوانگەی سۆسێرەوە ئەو زانستەیە کە کار لەسەر نیشانەکان یان نیشانە و کۆنتێکستەکان دەکات . بەم پێیە سیمۆلۆژیا زانستێکی گشتییەو دراسە هەموو نیشانەکان یان سیمبووڵەکان دەکات کە بەهۆیانەوە مەبەستی دیاریکراو دەگاتە خەڵکی و ئامانجی

خۆی دەپێکێت» (رەئوف، ٢٠١٦: ٢١).

« بێگومان کەرەستەی ئەدەبی زمانە ، کەبیرەکانی لەخۆگرتووە، لێرەوە نیشانەکان لەناو وشەکاندا شاراوەتەوەو زانستی سیمۆلۆژیا ؛ ئەم شاراوانە دەگێڕێتەوە بۆ واتا دروستەکەی دەقەکە، بۆ ئەوەی دەق وەك خۆی واتای راستەقینە بدۆزێتەوە، واتا لە دەقەوە واتاکانی دەرەوە ئاشکرا بکەین نەك بەپێچەوانەوە، واتای دەرەوە بەسەر دەقدا بسەپێنرێت» ( رەئوف ، ٢٠١٦: ٧٦)

بەوشێوەیە خوێندنەوەی سیمۆلۆجی، خوێندنەوەکانی پێش خۆی رەتناکاتەوە ، بەڵکو سوودیان لێ وەردەگرێت و دەیانگرێتەخۆی « تەرکیز دەکاتە سەر خوێندنەوەی قوڵایی دال، بۆ دۆزینەوەی سیستەمە دەلالییەکانی کۆد و نیشانە و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی واتا» (قطوس، ٢٠١١: ٣٦٣)

## بەشی دووەم

### ناونیشان :

زۆر لە نووسەران لایان وایە، ناونیشان پێناسەی دەقەو هەڵگری ئەو مانا فراوانەیە، کە دەق لەخۆی گرتووە:» ناونیشان بەتوخمێکی گرنگی هەر دەقێکی ئەدەبی و هەر نوسراوێکی مێژوویی و سیاسی و جوگرافی و زانستی و .... تاد»(عەتا قەرەداغی ، ٢٠٠٨: ١٤-١٥). دادەنرێت. ناونیشان گوزارشت لە ناوەرۆکی دەقەکە دەکات و ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێ بۆ شۆڕبوونەوە بەناو دەقەکەدا» لەدوا چارەکی سەدەی بیستەمدا رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، لەژێرکاریگەری لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی دەق و سیمۆلۆجیادا گرنگی بە بونیاد و پێکهاتەی خودی ناونیشان و چۆنیەتی پەیوەندی بەدەقەوە داوەو ناونیشانی وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆی بونیادی هونەری دەق لەقەڵەم داوە«( رەشید، ٢٠٠٧: ١٥). « ناونیشان کلیلی چوونە ژوورەوەی دەقە، هەروەکو سەر وایە، لە جەستەدا»( الثامری ، ٢٠١٠: ١٣)

(رۆلان پارت) واسەیری دەق دەکات ، کە «یاسایەکی دەلالی سیمولوجیە لەناوەرۆکیا هەڵگری ناسنامەی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیە»(حمداوی، ١٩٧٧: ٩٦). « ناونیشان سەربەخۆیی و کەسێتی و تایبەتمەندی دەداتە هەر بابەتێك، پوختەی گرنگترین بەشە پێکهێنەرەکانی بابەتێکە بۆیە بەکەمترین وشە زۆرترین مانا ؛ ناوەرۆکی بابەتەکە دەردەبڕێت» حسین، ٢٠٠٧: ١٩٧).

زۆر لە ڕەخنەگران لەو باوەڕدان سیحری تێکست لە ناونیشانەکەیدایە« ناونیشان پەیامێکە لەنێوان نێرەر و وەرگردا دەگۆڕدرێتەوە و بەشداریدەکات لە گەیاندنی مەعریفی و جوانناسیدا»(رەئوف ، ٢٠١٦: ٢٨٥-٢٨٦)

ئەم پەیامەش بەکۆد ڕازێنراوەتەوەو پێویستی بەکردنەوەی هەیە، چ لە ئێستا یان ئایندەدا. نوسەرێکی دی دەڵێت:» مەبەست و دەلالەت لەناونیشاندا دوو بنەمای سەرەکین، چونکە ناونیشان لەخۆوە نایەتە ئاراوە، بەڵکو نووسەر هەوڵێکی زۆر ئەدات تاکو ناونیشانێکی گونجاو هەڵبژێرێت»(سطایحی ، ٢٠٠٤: ١٥).

عەبدوڵڵا محەمەد ئەلغوزامی دەڵێت:» شیعر لە ناونیشانەکەیەوە لەدایك نابێت بەڵکو ناونیشان لەوەوە لەدایك دەبێت»( الغزامی ، ١٩٨٥: ٢٣٤) .

واتە «ناونیشان کلیلێکە لەکلیلەکانی دەق ، یاخود پرۆسەیەکی پەیوەندیەو دەرگایەکە بۆ چوونە ناو دەق، چونکە دەق بە گشتی لە خودی خۆیدا خاوەن دەسەڵاتێکی جیاوازە، ئیدی ئەم دەقە کورت بێت یان درێژ، نوێ یا هاوچەرخ بێت، گرنگ نیە، بەڵکو گرنگ بوونی ئەو پەیوەندییانەیە کە لەناو دەقەکەدا هەن، چونکە سیمۆلۆژییەکان باوەڕیان وایە شتێك لەدەرەوەی دەقەوە بوونی نیە«(رەئوف ، ٢٠١٦: ٢٨٣).

بەوشێوەیە دەتوانین بڵێین هەر بابەتێکی ئەدەبی بەهۆی ناونیشانەکەیەوە دەناسرێتەوە، تەنها دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلی ڕاڤەکاری بنچینەییە بۆکردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق و بەتایبەتیش لەدەقی شیعری نوێدا بووتە پێویستییەکی سەرەکی وهیچ دەقێ نابینی بێ ناونیشان.لەروانگەی ئەو بۆچوونانەوە کە ئاماژەمان پێدا بۆ ناونیشانی دەقی شیعری دەچینە سەر ڕاڤەکردنی چەند دەقێکی (گۆران) ی شاعیر، کە ناونیشان رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بنیاتی دەقەکانیدا.

## سیمۆلۆژیای ناونیشان له شیعری»گۆران»دا

### -دەقی جوانی بێناو :

(جوانی بێناو)، یەکێکە لەودەقانەی هەرلەناونیشانەکەیەوە سەرنجت رادەکێشێ، شاعیر دەقێك بۆ کەسێك دەنووسێ، نایناسێ وبۆ یەکەم جاریشە دیویەتی، سەرنجی پەلەو کاری رێکەوت هێناویەتە بەر دیدی شاعیر. ئەبێ مەدلولی چ مەبەستێ بدات بەدەستەوە کە شاعیر دەیەوێ بیڵێ. دیارە لەیەکەم نیگاوە کاریگەری جوانی شۆخێك وەك بروسکە کار لە شاعیر دەکات کە خۆی لە خۆیدا مەستی جوانی سروشت و وردەکارییەکانی بوونەوەرەکانی دەوروبەریەتی. ئەم دەقە ناچارت دەکات لەناونیشانەکەیەوە سەرنجەکانت دەربڕی :» جوانی بێناو، ناونیشانێك نییە، بەشێوەیەکی سەرپێی لەلایەن شاعیرە هەڵبژێردرا بێت چونکە ئاراستەی گشتی لە خزمەتکردنی بەرجەستەکردنی جوانی ئەو (بێناوە)دایە، رێك بەوشێوەیەش ، کە خودی(بێناو)بوونەکە دەبێتە ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەو جوانییە. سەرەڕای ئەمەش (بێناو) بوون گرێی ئەم شیعرەیە، بەو مەعنایەی (گرێ)ی ناخی شاعیرە«(عەبدوڵلا قەرەداغی ، ٢٠١٧: ٢٣٦).

قژکاڵی ، لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ
ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو
گەنمرەنگی دەم وچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی، نەرمۆڵەی ئێسك سووك
ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووك
راستە من رێبوارم سەپێی ئەڕوانم
بەڵا وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٤٥)

لەم دەقەدا(جوانی بێناو)، نیشانەیەکە بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە ناونیشان ئاماژەی دەلالی جیاواز لەخۆ دەگرێت بەو پێیەی کورت کراوەی دەقەو کلیلی کردنەوەیەتی.

### -دەقی بوکی ناکام:

ئەگەر سەرنج لەناونیشانی دەقی (بوکی ناکام) بدەین لەدوو وشە پێکهاتووە بەڵام دژواری لەنێوان هەردوو وشەکەدا هەیە ، بووك دەبێ شادمان و ئاسوودە بێت، بەچوونە ناو دنیای نوێ و ژیانی هاوسەری، کەچی وشەی ( ناکام)ی بەرامبەر قوت بۆتەوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات ئەو پرۆسەی هاوسەرگیریە ناکام بووەو لە جیاتی بەختەوەری پڕ لەنەهامەتی و ناکامی یە.

لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ
(کچی جووتیار) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتەڕێ
کۆشکی ئاغا گەچ کارییە، ئاوێنە بەندە
کەس نازانێ بەژمارە پەنجەرەی چەندە( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٤٥)

دیارە ئەم ناهاوسەنگیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاغای دێ بەهۆی دەستەڵات و زەبرو زەنگەوە ، بەرهەڵستکاری نابینێ ، بۆیە داوای کچی جووتیار دەکات بەبێ بوونی سۆزوخۆشەویستی، دەیەوێ وەکو کاڵایەك ببێتە موڵکی خۆی .

ئاغای  خاوەن هێز و شکۆ ، خاوەن سامداری

لەکاتێکا درێژ ئەکا دەستی دڵداری

بۆ گەردنی گوڵی کێوی لەجێ هەڵکەنراو

نمی فرمێسك بەدی ئەکا لەسەر کلی چاو( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٥٨)

ئاغای زۆردار دژی خواست وئاواتی دوو دڵدار دەوەستێتەوە کە کچی جووتیار و کوڕی شوانە، هەرچەندە کوڕە شوان دژی دەسەڵات و زۆرداری دەوەستێتەوە ، بەڵام لەئەنجامدا دەبێتە قوربانی و بەدەستی پیاوانی ئاغا گیانی خۆی دەبەخشێ.

تاکو دوایی رۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا

خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باخا

پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تفەنگ کەوتە کار

کۆستی دڵی بۆ ئێجگاری کەوت کچی جووتیار

ئێستا ئەوا هەرچی بڵێی نیعمەت و نازە

هەمووی ئەدا بەیەك دڵۆپ فرمێسکی تازە( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٥٨)

ناونیشانی (بوکی ناکام) لەدوا کۆپلەییدا لەناکامییەوە سەرچاوە دەگرێت، شاعیر دەستەڵاتی چەوسێنەر دەردەبڕێت بەرامبەر خەڵکی چەوساوە ، واتە خودی ناونیشان دەرگایەکی کراوەیە بۆچوونە ناو دەقەکەو راڤەکردنی.

## -دەقی گوڵی خوێناوی :

گوڵی خوێناوی دەقێکی تری «گۆران»ە، بەناونیشانەکەیدا چیرۆکێکی تراژیدی بەخەیاڵتدا گوزەر دەکات و سەرنجت بەلای کارەساتێکی دڵتەزێندا دەبات. هەرچەندە«گۆران» لەم دەقەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی و بیری شیعرەکەی لە چیرۆکێکی ئۆسکار وایلد (١٨٥٤-١٩٠٠)هوە وەرگرتووە، بەڵام بەرگێکی کوردی بەبەردا کردووە لە کوردەواریشدا رووداوی لەوجۆرە رووی داوە. نووسەرعومەر مارف بەرزنجی لەبارەی ئەو دەقەوە دەڵێت:» گوڵی خوێناوی؛ شیعرێکی بەرز ودیاری «گۆران»ە، بابەتێکی ( مەرگەسات-Tragedy) ی چڕ و پڕ مانایە، بەسەرهاتی ئەو لاوە دڵدارە بەجەرگەیە کە لەپێناوی سۆزو عەشق و وەفاداری بۆهاوپەیمان و خۆشەویستەکەی رەنجی فەرهادانەی داناوە و بەپێی توانا شەکەت بووە، بەڵام لەئەنجامدا بەهەناسە ساردی و رەنجی بێوەری ماوەتەوە«( بەرزنجی ، ٢٠٠٦: ٩٩)

هەروەها لەبارەی کاریگەری چیرۆکەکەی ئۆسکار وایلدەوە دەڵێت:» ئۆسکار وایلد، لەم چیرۆکە کورتەدا، تا چاوی خەیاڵ بڕ کات ئەو پەڕی وێنەی جوامێری و قوربانیدانی لەرێگای ئامانجێکی پیرۆزدا دەست نیشان کردووە «( بەرزنجی ، ٢٠٠٦: ١٠٥) ناونیشانی( گوڵی خوێناوی)، دەستەواژەیەکە پەیامێکی دڵخۆشکەر نابەخشێ هەرچەندە گوڵ پەیامی جوانییە و خوێناویش پەیامی شەڕو دڵتەنگییە، هەردوو وشەکە مەدلولی خۆی هەیە کە گوڵ بریتییە لە پاکی و جوانی وبەرائەت و خوێناویش کارەسات ونەهامەتی. لە خوێندنەوەی دەقەکەدا، کوڕی عاشق لەوەرزی پایز وگەڵارێزاندا دڵخوازەکەی داوای گوڵی سووری لێدەکات بەڵام داواکارییەکەی کارێکی سەختەو دڵدارەکەی دەکەوێتە داوی دوژمن ودەبێتە قوربانی خۆشەویستی :

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم: زەردچەپکێ، ئاڵ چەپکێ

نایەم بۆزەماوەند نایەم بۆ هەڵپەرکێ

بتدایە دڵ بەمن بە هەموو ماناوە

دوو چەپکت ئەهانی لەباخچەی پاشاوە

کوڕ:

باغچەی پاشا لەو بەر ئاوە

خێڵی دوژمن دەورەی داوە

ئەرۆم رێگام لێگیـراوە

نارۆم چاوکاڵ لێم تۆراوە( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ١٦)

## -دەقی وەڵامی پرس:

بەناونیشانەکەدا وەڵامی پرسیارێکەو لەشاعیرکراوە، خوێنەر بەرلە خوێندنەوەی دەقەکە، خەیاڵی بۆ چەند شتی ئاڵۆز دەچێ، دەبێ وەڵامی شاعیر بەرامبەر بە خودی خۆی بێت یا وەڵامێك بۆ دۆزی گەلەکەی. کاتێك «گۆران» لە نەخۆشخانەیەکی مۆسکۆ دەبێ بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی ، وەڵامی پزیشکەکەی دەداتەوە کە پێی دەڵێت : بۆماتی؟.... بەتێڕامان لە دەقەکە دەگەینە ئەوەی ، کە ناونیشان ڕوونکردنەوەی ئەوئازارە سەختەیە، کە شاعیر پێوەی دەناڵێت:» حاڵەتی نەخۆشیەکەی خۆی و باری دواکەوتوویی و ژێردەستی میللەت پێکەوە دەبەستێ وهاوشێوەیەك لەنێوان خۆی و گەلەکەیدا پێك دەهێنێ و هۆی ماتی و خەمبارییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە گشتییەکە، واتە باری نالەباری ژیانی کۆمەڵگەکەی و نائاسوودەیی کۆمەڵایەتی «.(عەتا قەرەداغی ، ١٩٩٧: ٥٦)

«گۆران» لەم دەقەدا باسی ئازارەکانی خۆی ناکات، خەمی میللەتەکەی لا مەزنترە لە خودی خۆی، بەناونیشانی ئەم دەقەدا دەگەینە ئەوەی ، کە بڵێین شاعیر بۆ وەڵامی قوڵتر و پڕ ماناتر گەڕاوە کە دیارە ئەویش دۆزی گەلەکەیەتی .

راکشابووم لەسەر پشتم

دکتۆرەکەم

ماری شێرە پەنجەی ئەکوشتم

ناڵیم وەك دایکێکی دڵسۆز

فرمێسکی بۆ هەڵ ئەرشتم

بەڵام تەواو وەك کچی خۆم

دەستی ئەخستە ناو مشتم

****

بەڵێ دکتۆر، خوشکان ماتم

هەر من نیم (مات)ی وڵاتم

لەناو هەزارانا: تاك تاك

لێومان هەیە پێ بکەنێ

لای ئێمە بۆ دنیای شادی

وا تازە خەڵك هەنگاو دەنێ. ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٢٢)

### -دەقی درزی پەچە:

درزی پەچە یەکێکە لەناو نیشانی ئەو دەقانەی سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا رادەکێشێ، دەبێ ڕازی چ جوانیەك لەنێو خەیاڵی «گۆران» دا خۆی حەشار دا بێت، بەرامبەر ئەو شۆخەی کە پەچەی پۆشیوە و جەستەی لەعەباوە ئاڵاوە. دیارە شاعیر هەستی بەوەکردووە ، کە ئەم مرۆڤە لەژێر سیستەمی باوکسالاری و داب و نەریتی سەپاوی ناو کۆمەڵگادا وا خۆی حەشارداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها درزێك لەپەچەوە، بەسە بۆ ئەوەی شاعیر چی لەناخیدا هەیە دەری ببڕێت و هەموو ماناکانی جوانی لە دەقێکی ئاوادا کۆبکاتەوە.

ناونیشانی ئەم دەقە ئاماژەی دەلالی جیاواز لەخۆدەگرێت؛ بەو واتایەی کورتکراوەی دەقەکەیە بەڵام ناوەرۆك دەرخەری شتێکە لە ناخی شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە و بۆتە بەئەنجام گەیاندنی بەهای جوانی دەقێکی شیعری.

لەگەڵ ئەوەی لەعاباوە ئاڵابوو

لەدیمەنی شیرنی ئاشکرا بوو

باڵا بەرز و بچکۆلەو پێ و ئیسکار پێن

گۆرەوی و پووزا سفت و سپی و ئاورشمین

ئەرۆیم و دزەی نیگام جارجارێك

لەژێر عەبای ڕەشا ئەیدی نازدارێك

بەرەوتی کەو لەنجەی تاوس و قومری

گورج گورج جوان جوان ئەهات و رێگەی ئەبری

مابووی بگاتە عاستم چەند هەنگاوێ

درزی کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٣٥)

### -دەقی شێوەنی گوڵاڵە:

ناونیشان دەستەواژەیەکە ئاماژە بەمردن دەکات ! هەرچەندە لەدوو وشە پێکهاتووە ، بەڵام هەریەکە لەوشەکان دەلالەتی شتێکە کە ژیانی»گۆران» بەرەو نەهامەتی و تێکشکان دەبات. لێرەدا ناونیشان دەروازەیە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی شاعیر و بەهۆیەوە دەتوانین ئەو کۆدانە بکەینەوە کە بوونەتە نائارامی شاعیر، ئەویش مردنی جگەرگۆشەکەیەتی، ئەمەش لەو روانگەیە سەیر دەکرێت ، کە ژیانی «گۆران» بریتییە لە کۆمەڵێك بیرەوەری تاڵ و ناخۆش کەمێژوویی سەردەمێکی پڕ لە کارەساتە لە ژیانیدا کە یەکێك لەوانە مردنی جگەرگۆشەکەی خۆیەتی.

کچم ، مایەی ژیانم، یادگاری

شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری

غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم

دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم

جگەرگۆشەی عەزیزم ، نووری چاوم

سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم؟( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٣٥)

لەسەرجەمی دەقەکەدا شاعیری بەرەو جۆرێك لە دۆشدامان و داڕووخان بردووە، چونکە کەس ناتوانێ بەرەنگاری مردن بێتەوە و هەستی باوکێکیش بەرامبەر مردنی کچە تاقانەی هەردەبێ ئەوە دەربڕینەکەی بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین خودی ناونیشان بریتییە لەنمایشکەری دەقە شعریەکەو کۆی گشتی شیعرەکەش تەواوکەری ناونیشانەکەیە.

کچم خۆتۆ نەماوی تا ببینی

که باوکت چەند بەناسۆرە بریني

نەتۆی پێ دێتەوە، نەعەقڵی ئەبڕێ

لەسەرتۆ کام یەخە، کام ئەستۆ بگرێ

کچم تەنیا گوڵم،نەشئەی ژیانم

دڵی شادم، ترووسکەی چاوەکانم

کچم، رۆحم، کچم،.. هەیهات، هەیهات

چ کۆچێ بوو ! چ کۆچێ بوو؟ واکش ومات ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٩٩)

- دەق زەنگی پەستی

لە دەق (زەنگی پەستی) دا شاعیر دەمانباتەوە بۆ سەر خەمێکی قوڵ ، بۆ سەرسامیەك لە رۆحی خۆیدا ، هەوڵیداوە بکەوێتە گفتوگۆ بە ئومیدی وەدەستهێنانی وەڵامێك.

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری

دڵم، هەستا زرەی زەنگی ڤگاری

بەئەسپایی ، بە بێ هێزی بەعاستەم

هەوای رۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم

بەئەسپایی ، بەلەرزۆکی ، هەژاری

ئەناڵێنێ لە شوێنێ نادیاری

.........

زمانێك ، بەستەیەك، دەنگێك ، نەوایەك

سکاڵایەك ، هەناسەو ئاخ وئایەك

کە تێی ناگەم ، کەنازانم ئەڵێ چی

بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا رۆحم ئەگری ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٢٢٦).

گۆران لەپەراویزی شیعری ( زەنگی پەستی )دا دەڵێت ، هەندێ جار لەقوڵایی دڵما هەستی پەستی یەك ئەکەم ، لەچەشنە مەستییەك ئەچێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیرو خەیاڵ و لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ ، شەکەتم ئەکات) ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٢٢٩).

شاعیر لە خاڵێکی سەرەتاوە کە هەست ونەستی خۆیەتی دەستپێدەکات ، ئاماژە بەئازارەکانی خۆی ئەدات کەئەشێ ئازاری هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بێت .-

بەوشێوەیە ناونیشان لەم دەقەدا گرنگی خۆی هەیەو سێبەری بەسەر دەقەکەدا زاڵە، هەرلەسەرەتاوە تاکۆتایی مەدلولی زەنگ برتییە لە بەئاگاهێنانەوە لەدۆخێکی دەروونی تایبەتدا کە دووچاری خودی شاعیر بووە کەئەویش (پەستییە).

-دەق لەبەندیخانەدا :

بەرلەوەی سەرنج لەدەق شیعریەکە بدەیت بەناونیشانەکەیدا باس لە دۆخێکی دژوار و ژیانێکی ناخۆش دەکات ، وشەی( بەندیخانە) لەخۆیدا شوێنی تێرامان و پرسیارکردنە، شوێنێك خاڵی لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی ، گۆران لەم دەقەدا ستەم و ئازارەکانی ناو بەندیخانە ، نایەکسانی و نادادپەروەری ، زەوتکردنی ئازادی و رۆحی سەربەستی دەخاتە بەرچاو :

بۆ تاریکی، بۆ شەرم و عار بۆ خەم خوڵقاوین

لەبەهەشتی ئەو دیو دیوار بێ بەش کراوین

مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەی خواش لەگەڵ دەشت ودەر

قانوون ئەڵێ : قەدەغەیە دەرهەق تاوان كەر ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٢١٦)

شاعیر لەناوهێنانی بەندیخانەوە دەیەوێت گوتارێك دروست بكات باسی زەبرو زەنگ و دەستەڵات بكات ، ئەویش بەلێسەندنەوەی مافی بە كورد بوون هەتاوكو هاونیشتمانییەكی عێراقیش .

نا، بۆ كوردێك كفرە ئێستا كوردستان وتن

چەرچیەكانی ئیستعمارن لێ ئەبنە دوژمن

لە عێراقا و بەقانوونی پەیرەوی عێراقی

كوردێك گیراو بەندو زنجیركراویە لاقی ( دیوانی گۆران ، ١٩٨٠: ٢١٥).

«گۆران»هەستی بەو دۆخەكردووە ، كەئەركێكی گران لەسەرشانیەتی ، بەوەی وێنای حاڵەتێكی ناخۆش و ناهەمواری ژیانی بكات، ئەویش وێنەی بەندكردنێك كە كۆمەڵگەو دەسەڵات سەپاندوویانە بەسەریدا، چونكە شاعیر لەخاڵێكی سەرەتاوە كە هەست و نەستی خۆیەتی دەستپێدەكات و خەم و ئازارەكانی خۆی دەخاتە پاڵ ڕۆژگارێك كە ئەوی تیا لەكەدارو پڕ ئازاركردووە، هەربۆیە ناونیشانی( لەبەندیخانە)دا ، دەكاتە دەستپێكی ئازارەكانی وئەم دەقەی لێ دێنێتە بەرهەم.

**-دەقی شەهید:**

هەزار و نۆصەد و سی بوو، شەشی ئەیلوول كە ڕۆژ هەڵهات

غریوی ویستنی حەق كەوتە ناو شاری سلێمانی ،

(هەڵوبەگ) ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات

لەپیش جەمعێكەوە تا بەرسەرا ڕووی هەڵمەتی هانی

لەگەڵ یارانی ئەیوت:» ئەی حوكوومەت ، تا نەكەی تەثبیت

حوقوقی كوردەواری ، نایەوێ كورد ئینتخابات،

ئەوانەی بانگ كران و تۆ بەقووەت دەوریان ئەگریت

دەنی و قازانج پەرستن، هیچ نەبێ پێ یان موبالات. (دیوانی گۆران ،١٩٨٠: ٢٠٦).

گۆران لەم دەقەدا دەیەوێت قوربانیدانی شەهیدمان پێ نیشان بدات هەتا خوێنەر بزانێ شەهید كێیە . ئەم دەقە بریتییە لە تۆماری ڕۆژێك لە مێژووی نەتەوەی كورددا ، كە ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوولە لەساڵی ١٩٣٠ دا دژی هەڵبژاردنە ساختەكەی دامو دەزگای پاشایەتی .

خەڵكی ڕاپەڕیو خواستیان ئەوە بووە ، كەسانێك نوینەریان بێت كە خەمخۆری خواستەكانیان بێت بەڵام دامودەزگای ئەو سەردەمە بە ئاگر و ئاسن بەرپەرچی داواكارییەكانیان داوەتەوە. چەندان لە ڕۆڵەی ئەم میللەتە شەهیدبوون لەناویاندا ( هەڵۆ بەگ) بووە.

بەخوێندنەوەی ( دەقی شەهید) گیانی ڕووبەڕووبوونەوەو ڕازی نەبوون لە دەسەڵات و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی بەرچاو دەكەوێت. ناونیشانی ئەم دەقە هەرچەند لە وشەیەك پێكهاتووە بەڵام پێكهاتەیەكی ئایدۆلۆژی و قارەمانی لێدەكەوێتەوە. بەسەرنجدان لەناو نیشانەی ئەو دەقانەی ئاماژەمان پیداوە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی لە ڕووی سیمۆلۆژیاوە ناونیشان كلیل ڕاڤەكاری و شیكارییە بۆ كردنەوەی لایەنە داخراوەكانی دەق. واتا « ناویشانی هەر بابەتێك وەكو سەری جەستەیەك وەهایە، ناتوانرێ چونكە ئەم جەستەیە ناتوانێ بێ سەر بژی ئاواش هیچ دەقێك ناتوانێ بێ ناونیشان بوونی خۆی بسەلمێنێت، ناونیشان گوزارشت لە بونیات و ناوەڕۆكی دەقەكەدەكات .( رشید، ٢٠٠٧: ١٥١).

## ئەنجام

١)سمیۆلۆژیا میتۆدێکی فرەڕەهەندە، بۆ لێکدانەوەی مانا شاراوەکان لە دەقدا و بەتایبەتی لەدەقی شیعریدا.

٢)ناونیشان کلیلی کردنەوەی دەقە، دەق و ناونیشان تەواو کەری یەکترین.

٣)ناونیشان لەوشەو دەستەواژە و ڕستە پێکدێت و خوێنەر بەگرنگیەوە بایەخی پێ ئەدات.

٤)گۆران یەکێکەلەو شاعیرانەی کە بایەخێکی زۆری بەناونیشانیداوەو بەشێوەیەکی وردو هونەری و ئیستاتیکی بەکاری هێناوە.

٥)لەڕوانگەی ناونیشانەوە گرنگی دەقەکانی «گۆران» مان لێکداوەتەوە لەرووی سیمۆلۆژیاوە.

٦)ناونیشان لەدەقەکانی «گۆڕان» دا ئامادەبوونی کاریگەری هەیە.

٧)ناوەرۆکی دەقەکان لەگەڵ دەستپێك و ناونیشاندا گونجاوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم : کوردییەکان :


١)بسام قطوس(د) ، دروازەیەك بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ، و.د.محمد تاتانی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

٢)دیوانی گۆران: کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: محەمەد مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.

٣)عەتا قەرەداغی: بەمەوزوعی کردنی حاڵەتی زاتی لە شیعری (وەڵامی پرس)ی گۆران، گ:رامان، ژ: ١١، ١٩٩٧.

٤)عمر معروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، چاپخانەی شڤان،سلێمانی، ٢٠٠٦.

٥)فواد رەشید(د)، دەقی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر،٢٠٠٧.

٦)لوقمان رەئوف(د)، دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە، (١٩٥٠-١٩٧٥)، کرمانجی خواروو، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ..٢٠١٦

٧) سابیر رشید،ڕۆمانی کوردی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧.

٨)نەوزاد احمد ئەسود، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی، سلێمانی ، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١.

٩)هەڤال ئەبوبەکر حوسەین: چەشنە ئەدەبی و رۆژنامە نوسییەکان، رەنگدانەوەیان لە (ژین وژیان)دا، ١٩٣٢ -١٩٥٠، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.

دووەم : عەرەبییەکان:

١٠)امینە رشید، السیموطیقا، مفاهیم وأبعاد، مجلة فصول ،١٩٨١.

١١)برنارد توسان، ماهي السیمولوجیا، ترجمة: محمد نظیف، افریقیا الشرق، ط١، ١٩٩٤.

١٢)جمیل حمداوی، السیمولوجیا والفنونە، مجلة علم الفكر ، م: ٢٥، ع:٣، ١٩٩٧.

١٣) ضیاء راضي الثامري، العنوان في الشعر العراقي المعاصر، مجلة القادسیة، المجلد(٩)، العدد ٢، ٢٠١٠.

١٤)عبدالله الغزامی، الخطیئة والتفكیر، نادي الادبي الثقافي، جدە، السعودیي، ط١، ١٩٨٥.

١٥)عمر سطایحي، من جیفة الصیف الی فاكهە الخریف، حول الروایة عیسی شرائط،(الحیفه)، جریده الشروق ، اكتوبر ٢٠٠٤، عدد: ١٢١٣.

١٦)فردیناند دی سوسیر، علم اللغة العامة، ترجمە: د. یوئیل یوسف عزیز، بغداد، ١٩٨٥.

سێیەم : گۆڤارەکان :

١٧)گۆڤاری رامان ،ژمارە(١١)، ساڵی ١٩٩٠.

١٨)گۆڤاری کۆچ، ژمارە (٢٤)، ساڵی ٢٠١٧.

١٩)گۆڤاری نووسەر، ژمارە(١١)، ساڵی ٢٠١٤.

٢٠)مجله فصول ، العدد (٣)، ١٩٨١.

٢١)مجله القادسية ، العدد (٢)، ٢٠١٠.

٢٢)مجله علم الفكر ، المجلد(٢٥)، العدد (٣) ، ١٩٩٧.

چوارەم : رۆژنامە

٢٣)جريدة الشرق، العدد(١٢١٣)، ٢٠١٤.

## ملخص البحث

السيمولوجيا من المناهج النقدية الحديثة التي انتقلت الينا من الثقافة الغربية، ظهر فى الستينيات من القرن الماضي، انه منهج يُعنى بتفكيك الرموز والعلاقات والدلالات المتنوعة، منهج يمتلك أبعاداً واسعة ومتعددة لتحليل النصوص، خصوصاً النصوص الشعرية، لهذا المنهج أنواع تفيد الباحثين فى مجال النقد الادبى.

ركزنا في هذا البحث على العنوان الذي يعد بحق مفتاحاً للنص ومدخلاً هاماً للاطلاع على خفايا العلاقات الداخلية، واخترنا من نصوص شاعرنا المبدع «عبدالله گۆران» أشعاراً وقمنا بتحليل العنوان حسب المنهج السيميولوجى .

## Research Summary

The semimology of the modern monetary curricula that moved us from the Western culture in the sixties, it is composed of the dismantling of symbols, relations and connotations varied approach has a wide and multiple dimensions of text analysis, especially the poetic text of this approach, which benefit researchers in the field of literary criticism In this research, we focused on the title, which is truly a key to the text and an important input to the secrets of internal relations, and we chose from the texts of our creative poet Abdullah Goran a notice and we analyzed the title according to the semimological approach.